www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 10:03 3-2-2006

# ئەزموونێک لە قەلەم فرۆشی! ... سەرکەش

/ ئوپسال / سوید

بۆ زاگرۆس تێ ڤێ



زۆرن ئەوقەلەم و دەم ودەستانەی لە فێرگەی بەعس ئەزموونێکی دوورو درێژیان بووە، بەلام کەم لەوقەلەم و دەم دەستە لەرزۆکانەی ئەوێ ڕۆژێ جورئەت دەکەن وەک شێرزاد عەبدولرەحمان و ئیسماعیل گەیلانی ڕووقایمانە بێنەوە سەرشاشەی کەنالە ئاسمانییەکان ولێمان ببنە پالەوانی ڕۆژە ڕەش وسەخت و دژوارەکان، وەک نووسەر و ڕۆژنامە نووس خۆ بە نەوەی نوێ بدنە نیاسین.

خەلکی کوردستان ئەو جاش قەلەم و زوورنا ژەن و دۆلەنگێوانەی سەردەمی گۆڕکراوی بەعس باش دەناسنەوە لەژێرهەرچی دەمامکێک دابن، دەزانن ئەم جەنابانە ڕۆژانێک وێردی زمانیان بابە سەددام بووە لە تێ ڤێ تەئمیم و بۆ ڕۆژنامە وگۆڤارە ڕوو زەردەکانی بەعس، چاوپێکەوتنیان لەگەل موستەشار و جاشەکانی فەوجی خەفیفە لە بەرەکانی جەنگی ناڕەوای قادسییە و هێرشی ئەنفالەبەدناوەکان ئەنجامدەدا، ئەمانە جاش قەلەمن و لەهەموو سەردەمێکدا پیشەی ماستاوکردن و خۆچەماندنەوە باش دەزانن بۆیە وەک نەبایان دیبێ نەباران دەم لەپێش دێنەوە مەیدان.

0302 2006a_sarkash@hotmail. com